یانەیەکی سعودی گرێبەستێکی پێشکەش بە هێرشبەری یانەی مانچستەر سیتی کرد



ڕۆژنامەیەکی سعودی وردەکاری نوێی سەبارەت بە گواستنەوەی یاریزانی جەزائیری "ڕیاز مەحرز" یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی بۆ یانەی ئەهلی جیدا ئاشکرا کرد.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئەلیەومی سعودی، ڕیاز مەحرز ڕازی بووە لە ماوەی گواستنەوەی هاویندا بڕوات بۆ ڕیزەکانی یانەی ئەهلی.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، "هێشتا گفتوگۆکان لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی یانەی ئەهلی و مانچستەر سیتی بەردەوامە، دوای ئەوەی یاریزانە جەزائیرییەکە ڕەزامەندی لەسەر گواستنەوەی بۆ خولی سعودی ڕاگەیاند".

ڕۆژنامەکە ئەمڕۆ دووشەممە ڕایگەیاند کە کاتژمێرەکانی داهاتوو زۆر گرنگ دەبێت لە دانوستانەکانی یانەی ئەهلی بۆ ئەوەی ڕیاز مەحرز لە گواستنەوەکانی هاویندا بگوازێتەوە نێو ڕیزەکانی.